# كورد بەتەنیا پیاسەدەكا

**نەبەز گۆران**

تاڵەبانی لەگەڵ بوش دادەنیشێ قاوەیەك دەخواتەوە لەگەڵ فڕكردنی قاوەكەدا مادەی 140 دوادەخرێت !! ئەورۆژەی سەرۆكی حكومەت لەگەڵ بەرپرسانی ئێران كۆدەبێتەوە وباسی دۆستایەتی نێوانمان دەكات، گروپە توندڕەوەكانی ئەنسار لەناوچە سنوریەكانەی ئێرانەوە هێرش دەكەنە سەر پێشمەرگە ! كاتێك سەرۆكی هەرێم باسی ئارامی ولآت دەكات تەقینەوە لە پایتەخی ولآتەكەماندا ڕودەدات !! وەختێك یەزیدیەكان دەڵێن ئێمە كوردین و بمان خەنە سەركوردەكان ولآتانی ئەوروپا بەپەنابەر قبوڵیان دەكەن و سوریاش نووسینگەیان بۆدەكاتەوە بۆخۆ ناونووس كردن !! كاتێك زیاد لەچوارسەد كۆمپانیای بێ بەرهەمی توركی دێنە كوردستانەوە بۆبردنی سەرمایەی ولآت توركیا هەڕەشەی هێرشكردن دەكات !! پێشهاتەكانی خەونی كورد تابێت ئاڵۆزتر دەبن، هیچ پەیوەندیەكی پتەومان نە بە سوریا نەبە توركیا نەبە ئێرانەوە نیە، دەستمان گرتوە بەفریاد ڕەسێكەوە كەخۆی لەخنكانا پەنای بۆئێرەبردوە كە ئەویش ئەمریكایە، ئەمریكا دەیەوێت هەموو دوژمنەكانمان زیندوكاتەوە، تەنانەت هەوڵی لەناو بردنی سەرچاوەكانمان دەدات لەناو گروپە توندرەوەكانیش، لەدوا نەخشەی خۆشی نانووسێت هەرێمی كوردستان بەڵكو دەنووسێت كوردستانی ئازاد، كوردستانێك كە دەیەوێت بیكاتە بازارێكی ئازاد بۆخۆی نەك بیكاتە دەوڵەتێك بۆكورد، دراوسیكانمان هەمیشە وەك دوژمن لەبەردەرگامانن، ئێمە بەدەر لەپرۆژەیەكی ئابوری ناوچەیەكی بچوك شتێكی دی نین بۆدۆستەكانمان، شتێكیش شك نابەین بمان بەستێتەوە بەدنیاوە تەنها نەوتی ژێرزەمینەكەمان نەبێت، ئەویش داهاتێكە بۆخۆمان نیە، هەوڵ ئەدەین سەركەوین، هەوڵ ئەدین گەشەبكەین، بەلآم لەناوخۆدا مۆرانە لێی داوین، ئەوەی تەنها مەترسیە لەبەردەمان سیاسەت وانەكانمانن كەهەمیشە تێدەكەون، ئەگەر ئەمڕۆ دەوڵەتی كوردی ڕاگەیەنین دوای ساڵێك بەكەمتریش دەڕوخێین!!

ژێرخانی ئابوری ولآت چەند پلەیەك لەژێر سفردایە، حكومەت تەنهالەشارەكاندا هەیە، دەمانەوێت پایتەختەكەمان بكەین بە دوبەی، بەلآم دوكارگەی بەرهەم هێنانی تێدابون " كارگەی جگەرەو كارگەی كاشی" هەردوكیان كۆچیان پێكرا بۆشوێنێكی نادیار بەبێ ئەوەی كەس بپرسێت ئەم كۆچە بۆ؟!، حكومەت خاوەنی هیچ نیە جگە لە پۆلیسی زۆر و كاسێتی گۆرانی بێژەكان، ئەوقوتابیانەی سالآنە لەم ولآتە لەزانكۆ دەردەچن بەدەستی بەتاڵ لەسەرشەقامەكان هاتوچۆدەكەن، شوێنێك نەماوە توانای كۆكردنەوەی چوارقوتابی هەبێت تاكاریان پێبكات، سێ پارێزگامان بەدەستەوەیە چل ودوو وەزارەتمان هەیە!! واتە بەسێ پارێزگاوە هێندەی ولآتی "چین و فەرەنساو بەریتانیا " بەس وەزیرمان هەیە، ئەوبڕەپارەیەی هەرمانگێك لەم وەزارەتانە بەخەساردەدرێت بەشی ئاوەدان كردنەوەی زیاد لە بیست گوند دەبێت، ئەوانەی ولآت بەرێوە دەبەن هەرئەوانەن لەگەڵ كۆمپانیاكاندا شەریكە بەشن، حكومەت خاوەنی هیچ نیە، دوو ئوتێل و بازارێك لەشارەكانداهەیە هی حكومەت نین و كراون بەناوی كەرتی تایبەتەوە ، بۆكەسیش نیە بزانێت خاوەنە ڕاستەقینەكانی ئەمانە كێ یە، بۆكوڕە كوردەكانیش نیە كاریان تێدابكەن، دەشمانەوێت ببین بەدەوڵەت!!

ئالآمان هەیە، نەخشەشمان هەیە، خاوەنی كێشەیەكی سەختیشین، مێژوو و رابردومان پرە لەخوێن، سیستەمان نیە، یاساش هێندەكاڵە لەبەردەم هەڕەشەی لولەی تفەنگی پاسەوانی بەرپرسێكدا توانای سەربەرز كردنەوەی نیە، سەركردایەتیەكی لاوازیشمان هەیە تائێستەش بەپێوەری ستایش مامەڵە لەگەڵ عەقڵەكانی كۆمەڵكەی خۆیدادەكات!! سەرۆكی یەكێك لەحزبەكوردیەكان لەدانیشتنێكدا پێی ووتم" مەسەلەی كەركوك كۆتایی پێهاتوەو دواخراوە بۆ دوو ساڵی دی، پێویستیش ناكات لەوەزیاتر دەست بگرین بەچاوی خەڵكەوە" كەواتە نەمان توانی بەشێكی ولآتەكەمان

بگەڕێنینەوە بۆلای خۆمان، ئەوکەسانەش ئەم بەشەیان لێسەندین هەرئەو کەسانەبوون  کە سەرکردایەتی حزبەکان لای خۆیان دالّدەیان دابون و لەمردنەوە زیندویان کردنەوە، شەری ئێمە هەمیشە لەسەرئەوەبوە کەنەمان سڕنەوە، تائێستەش ئەم شەڕە بەردەوامە، حکومەتەکەمان باسی نەتەوەدەکات، نەیتوانی باسی حکومەت بکات نەك نەتەوە، حکومەتی نەتەوەی لەجیهاندا خەریکە کۆتایی پێدێت ئێستە ئێمە دەمانەوێت بانگەشەی بۆبکەین، وەختێکیش سەیری نەخشە نوێکانی " ئەمریکاو بەریتانیا " ی هاوپەیمانمان دەکەین جگەلەوەی وەك بازارێك بەهیچ شتێکی دی نامان ناسن، لەهەر کۆلاّنێکی شارەکانەوە تیّ ببەڕی چاوت بە چەندین کۆمپانیای بچوکی مردو دەکەوێت، لێرە چوارکرێکارو بۆینباخ لەملێك دەبن بەکۆمپانیا!! کۆمیدیانە لەسەریشان دەنووسرێت" کۆمپانیای نێودەوڵەتی" کورد زۆرحەزی لەوشەی نێو دەوڵەتیە، گەرلەبازاری کرێکاران چوار پاچ و خاکەنازێك پێشانگایان بۆبکرێتەوە لەژێر چاودێری بەپرسێکی حکومی دەزگا حزبیەکان ناوی پێشانگاکە دەنێن " پێشانگای نێودەوڵەتی" وەك دایکم ووتی" سەقفەیەکی زەحمە" دەوڵەمەندە نوێکان زۆربوون!! دەوڵەمەندی بیّ بەرهەم، پارەکانیشان لەقولاّی عەقلّی ئابوری خۆیان دەرنەهێناوە بەڵکو دەستیان بردوەتە ناو رۆحی خەڵکەوە و دەریان هێناوە، دەشمانەوێت ببین بەدەوڵەتیکی سەرمایەدار!!

لێرە کەسەکان بۆئەوە نابنە بەرپرس خزمەتی ولاّت و خەڵك بکەن، بەڵکو بۆئەوە بەرپرسیاریەتی وەردەگرن ناویان بچێتە سەرژمارەی سەرمایەدارە نوێکانی تر!! لەولاّتی من هەموو شتێك بەمەزەندەیە، کەس باوەری بە " ڕەقەم " ژمارەنیە، حکومەتەکەشمان حکومەتی تەسەورە نەك ژمارە، ئەوە بۆ پانزەساڵە خۆمان ئیدارەی خۆمان دەکەین، بەلاّم تائێستەش بەتەواوەتی نازانین قوربانیەکانی ئەنفالمان چەندن، هەرچۆن نازانین سەرژمێری هاولاّتیانی ئەم ولاّتە چەندن، ئاواش نازانین بەرهەمی ولاّت سالاّنە چەندە و چەندی خۆماڵیە و چەندی دەرەکیە، بۆیە کەس تێناگات بەرەو چ داڕمانێك دەچین، دەشمانەوێت بەجیهان بڵێین ئێمە دەوڵەتمان دەوێت!!

بەرپرسەکانمان زۆرجار دەبنە دوژمنمان تەنها لەبەر ئەوەی لەسەر ئاوازی ئەوان ناخوێنین!! باسی فەرهەنگ دەکەین کەچی گەنجەکانمان زمانی دایکیان نازانن!! باسی خۆشگوزەرانی دەکەین کەچی چاوامن لەوەیە لەئسپانیاوە  فلچەی ددان شوشتمان بۆبێت !! کۆمەڵگەکەمان هێندە داڕوخاوە وەزیری مرۆڤایەتیمان بەخیلی بەکۆمەڵگەی پاکستان دەبات !! بەلاّم کاتێك کەمیوانێکی بێگانە  دێت بۆلای پێی خۆشە پردی  " سەیداوا  " کە خراپترین پردی ئەم ولاّتەیە بشوبهێنی بە پردی شاری سیدنی!! بەم حاڵەشەوە کە زۆر تەنیاین و دۆستەکانمان بۆمان نین و خۆشمان خەریکی هیلاك کردنی ولاّتی خۆمانین بانگەوازی ئەوەدەکەین کەببین بەدەوڵەت!!

ئێمە بەتەنیا پیاسەدەکەین، هەرئەوەندەت زانی وەك دوا پولی دۆمینە کەوتینە خوارەوە و یاریەکە کۆتایی پێهات، ئەوەندە خراپ بوین باوەڕمان بەخۆمان نەماوە کەببین بەدەوڵەت بۆیە دەبێت کوردانە پیاسەبکەین واتە هەمیشە بەتەنیاو بیّ دۆست، مۆرانەکانی ناوخۆشمان فڕێدەین ئەگینا کۆتایمان نزیك بوەتەوە.